www.kurdistannet.org
5-1-2007 13:41 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# لەسێدارەدانی صەدام لەنیو هەڵوێستی ناوخۆ و دەرەوەکیدا ... ڕێبەر تاڵەبانی



لەچوارچێوەی بڕیاری لەسێدارەدانی صەدام حسێنی سەرۆکی پێشووی عێراق، لەلایەن پارت وحکومەتەکانی ناوخۆ وئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وجیهان، بیرو بۆچوون وهەڵوێستی جیا هاتونەتە گۆڕێ، بۆیە لەگەڵاڵەبوونی بیرۆکەی نوسینی وتارێك لەسەر مەسەلەیەکی لەم جۆرە پێویست بەخوێندنەوەیەکی بابەتییانە دەکات بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکانی پەیوەست بەحوکمی لەسێدارەدانی صەدام حسێن.

لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی دابەشکردنی هەڵوێستی لایەن وپارت وحکومەتەکان بەم شێوەیەی لای خوارەوە بخەینە ڕوو:

یەکەم: حزبەکانی هەرێمی کوردستان بەتەیاری ئیسلامی وعەلمانی ونەتەوەییەوە وەك (یەکێتی وپارتی) کەبەشێوەیەکی دیار وئاشکرا لەگەڵ بڕیاری لەسێدارەدانی صەدام حسێن دابوون، بەهۆی کاریگەری مێژوویی وسیاسی ودیپلۆماسی وعەسکەری وڕۆشنبیری وئابوری وکلتوری پەیوەست بەگەلی کورد وسەرکردایەتییەکەی لەشۆڕشی ئەیلول وشۆڕشی نوێ وپاش ڕاپەڕینی 1991و ڕووخاندنی ڕژێمی پێشووی عێراق بەسەرکردایەتی صەدام حوسین کەسیاسەتی لەناوبردن وجینۆساید وکاولکاری کوردستانی جێبەجێ دەکرد، (یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان) کاری لەسەر بڵاوکردنەوەی ڕووداوەکە کردووە بێ دەربڕینی هەڵوێستێکی ڕەسمی، (کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان) لەگەڵ بڕیاری لەسێدارەدان دان، جگە لەڕۆژی دادگاییکردنەکە کەلەیەکەم ڕۆژی جەژنی قوربانداابووە، (بزووتنەوەی ئیسلامی لەکوردستان) هەلویستی خۆی دەربڕیوە بەرانبەر بەجێبەجێکردنی بڕیاری لەسێدارەدان، بەلام ناکۆکن لەگەڵ کاتەکەیدا، بەو مانایەی کورد بەگشتی لەگەڵ بڕیاری لەسێدارەدانی صەدام بوون چ لەسەر ئاستی حزبی وحکومی چ لەسەر ئاستی ڕای شەقامی کوردی.

دووهەم: پارتەکانی عێراق بەعەرەبی سوننە وشیعەوە وەك (الاتحاد الاسلامی لترکمان العراق) کەبەڕاشکاوانە خۆشحاڵیان دەربڕیوە بەرانبەر جێبەجێکردنی بڕیارێکی لەو جۆرە، (الاتحاد الدیمقراگی العراقی) کاری لەسەر بلاوکردنەوەی ڕووداوەکە کردووە وتارادەیەك لایەنگری نیشانداوە بێ دەربڕینی هەڵوێستێکی ڕەسمی، (الاتحاد الدیمقراطی الکوردی الفیلی) خۆشحاڵن بەلەسێدارەدانی صەدام، (التجمع الفیلی الاسلامی وحرکە الرفاه والحریە) بەیاننامەی هاوبەشیان بۆ پشتگیریکردن لەبڕیاری لەسێدارەدانی صەدام خستۆتە ڕوو، (التجمع الدیمقراطی الایزیدی) پشتگیری وخۆشحاڵی خۆیان دەربڕیوە لەمەڕ بڕیاری لەسێدارەدانی صەدام، (التجمع الوطنی للاستقلال والعداله والدیموقراطیه) تەنها بەهەواڵێك ئاماژە دەکەن بێ خستنەڕووی هەڵوێستێکی ڕەسمی، (التجمع من اجل الدیمقراطیه العراقی) بەبلاوکردنەوەی هەواڵێك باس لەحوکمی لەسێدارەدانی صەدام دەکەن، (التحالف الوطنی الدیمقراطی) هیچ هەڵوێستێکی ڕەسمیان لەبارەی بڕیاری لەسێدارەدان لەلایەن حوکمەتی عێراقییەوە بۆ صەدام حسێن دەرنەبڕیوە، (المجلس الرعلی للپوره الاسلامیه فی العراق) بەشێوەیەکی ڕەسمی

پشتگیری لەبڕیارێکی لەو جۆرەیان کردووە، (الجبهه الترکمانیه العراقیه) کار بەبلاوکردنەوەی هەواڵێك دەکەن لەبارەی حوکمی لەسێدارەدانی صەدام، (الحزب الشیوعی العراقی)
تەنها بەبلاوکردنەوەی هەواڵ باس لەحوکمی لەسێدارەدانی صەدام دەکەن، (الحزب الکوردی الفیلی العراقی) بەبلاوکردنەوەی هەواڵ بێ دەربڕینی هەڵوێستی ڕەسمی باس لەلەسێدارەدانی صەدام دەکەن، (الحزب اللیبرالی الدیمقراطی العراقی) هیچ هەڵوێستێکی ڕەسمیان نییە تەنها بلاوکردنەوەی هەواڵی لەسێدارەدانی صەدام نەبێت، (حرکه 15 شعبان الآسلامیه) بەشێوەیەکی ڕەسمی لەگەل بڕیاری لەسێدارەدانی صەدام دان، (حرکه الدفاع الوگنی المقدس) کاریان لەسەر بلاوکردنەوەی هەواڵی لەسێدارەدانی صەدام کردووە ولایەنگیری لەبڕیارەکە دەکەن، (حرکه المجتمع الدیمقراطی) جگە لەبلاوکردنەوەی هەواڵی لەسێدارەدانی صەدام پشتگیری لەدەزگاکانی دادوەری عیراقی دەکەن بۆ سەپاندنی بڕیاری لەسیدارەدان بەسەر ێدام دا، (حرکه الوفاق الوگنی العراقی) هیچ هەڵوێستێکی ڕەسمیان لەبارەی لەسێدارەدانی صەدام دەرنەبڕیوە، (هیئە علما و المسلمین) جگە لەبڵاوکردنەوەی هەواڵی لەسێدارەدانی صەدام بەیاننامەی ڕەسمیان دەرکردووە بەشیوەیەك کەیاسا جیبەجی بکریت دژی تاوانبار، بەلام ئاشکرایی لەدەستی ئەمریکاو هاوپەیمانانی لەناوەوە ودەرەوە بۆ ئەو کارە دەخەنەڕوو ولەدژی گەلی عیراق لەقەڵەمی دەدەن، (تەیاری صەدری) لەگەڵ جێبەجێکردنی بڕیارەکەدان، بەڵام ئاماژە دەدەن بەدووربوون لەهەڵوێستی ئەو هوتافانەی کەلەکاتی لەسێدارەدانی صەدام دا وتراونەتەوە، بێگومان ئەم هەڵوێستانە لەنێوان ڕۆژانی (2006/12/30) بۆ (2006/1/3) ڕەنگە لەداهاتووشدا لایەنەکانی تر هەڵوێستی خۆیان دەربڕن، بەڵام هەندێك لایەن وکەسایەتی داوای لێکۆڵینەوە لەوێنەو گوتەکان دەکەن لەکاتی جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدانی صەدام دا.

سێیەم: وڵاتانی عەرەبی وەك (فەلەستین) دژی لەسێدارەدانی صەدامن چ پارەت ولایەنە سیاسییەکان چ ڕای شەقامی فەلەستینی، (یەمەن) بەڕەسمی دژی بڕیاری لەسێدارەدانی صەدامن، (سودان وتونس ومەغرب ومێر وئەردەن) دژی بڕیارەکەن بەشێوەیەك کەخۆپارێزی لەهەڵوێستی ڕەسمی دەکەن، (لیبیا) بەشێوەیەکی ڕەسمی وبەدانانی سێ ڕۆژ ماتەمینی لەوڵاتدا بەرانبەر لەسێدارەدانی صەدام هەڵوێستیان وەرگرتووە.

لەکۆتاییدا دەکرێت بڵێین لەڕووی نێودەوڵەتییەوە دوو جۆر بۆچوون لەبەرانبەر جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدان دژی صەدام حسێن هاتۆتە کایە، وڵاتانی ئەمریکا وبەریتانیا وهاوپەیمانەکانی کەپشتگیری لەبڕیارێکی لەم جۆرە دەکەن، وڵاتان وپارت ورێکخراوە ناحکومییەکان لەدەرەوەی بازنەی هاوپەیمانێتی ڕۆژئاوا بەرانبەر کێشەی عێراق وخۆرهەلانی ناوەڕاست بەگشتی کەلەگەڵ میکانیزم وکاتی جێبەجێکردنی بڕیارەکەدا نین لەلایەن دەزگا دادوەرییەکانی عێراقەوە، بەڵام مەحاڵە لەهەموو کار ومەسەلەیەکدا بڕیارێکی هاوبەش لەبەرانبەر مەسەلەیەکی دیاریکراو بێتەدی، بەتایبەت لەدونیای پاراستنی بەرژەوەندی وکاریگەری هاوپەیمانانی ڕۆژئاوا لەسەر جیهان بەگشتی ووڵاتانی عەرەبی بەتایبەتی.

- خوێندکاری ماستەر / ڕاگەیاندن - قاهیرە